فیقهی ئاسان

له ژێر ڕۆشنایی سوننەت و قورئان

بەشی ڕۆژوو

دانانی:

دەستە بژێرێك له زانایان

وەرگێڕان وله سەر نوسین وبەراورد کردنی:

مامۆستا علی خان

ماڵپەڕی وەڵامەکان

walamakan.com

١٤٤٠

چاپی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

بە ناوی خوای خاوەن بەزەیی، وبەزەیی کار

پێشەکی وەرگێڕ

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسول الله، وآله وصحبه، أما بعد:

خوێنەری بەڕێز: ئەمە وەرگێڕانی کتێبی: «الفِقْهُ المُيَسَّر فِيْ ضَوْءِ الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ»یە، کە لەلایەن کۆمەڵێك پسپۆر وپرۆفیسۆری بواری فیقهەوە نوسراوەتەوە. ئاسانی ئوسلوبەکەی، وپشت بە ستنی بە بەڵگە دروستەکان، وگشت گیری بۆ بابەتەکان، ومام ناوەند بون وبە ئینساف بونی لە حوکم دان وپەسەند کردنی بۆچونە فیقهیەکان، وناوەند گرتن لە کورت بڕی ناڕون، ودرێژا دڕی بێزار کەر، وبەستنەوەی بە بابەتە فیقهیە نوێ وسەردەمیەکان، وهەروەها ئەوەی کە کاری دەستە جەمعیە وهی یەك کەس نیە... وهتد، وای کردوە ئەم کتێبە ببێتە یەکێك لە کتێبە هەرە بە ناو بانگ ترینەکانی جیهانی ئیسلامی.

وا لە خوارەوەش هەر بە کورتی -بە ویستی خوا- هەندێك تێبینی دەخەینە ڕو، لەگەڵ ئەو ڕێبازەی لەم وەر گێڕانەماندا گرتومانەتە بەر:

١. پشت بە ستراوە بە چاپی دوەمی ئەم کتێبە، کە لە لایەن خودی «مُجَمَّع»ەوە لە چاپ دراوە ودواترین چاپیشێتی، وجیاوازیشی هەیە لەگەڵ چاپە بە ناو بانگەکانی نێو بازاڕ.

٢. کتێبەکە ئاستێکی زانستی بەرز وبە نرخی هەیە، جا هەوڵ دراوە پارێز گاری لەو پایەیەی بکرێت.

٣. هەروەها بە زمانێکی ئاسان وڕەوان وەرگێڕدراوە، بەو شێوازەی خەڵك قسەی پێ دەکەن.

٤. بۆ لێك دانەوەی ئایەت وفەرمودەکان پشت بە کتێبەکانی ئەو بوارە بەستراوە، بە تایبەت: «التفسير الميسر» و«الفتح الباري»، و«عون المعبود» و«تحفة الأحوذي»

و«مختار الصحاح» و«النهاية» و«معجم مقاييس اللغة» و«المعجم الوسيط»، زۆر ترین گەڕانەوە بۆ ئەمانە بوە.

٥. هەر تێبینی وسەرنج وزیادەیەك بە زەرور وپێویست زانرا بێت، ئەوا لە پەراوێز یان لە سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە، ولە نێوان ئەم دو کەوانەدا [ ] دانراوە، بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت.

٦. هەندێك جۆراوجۆری وهونەر کاری کراوە لە وەر گێڕانەکەدا، بۆ ورد بین ڕون دەبێتەوە، هەر وەکو چۆن بایەخ دراوە بە ڕێساکانی ڕێنوسی، بۆ ئاسان تێگەیشتن.

٧. ئەو وتە ووشانەی کتێبەکە کە نا ڕون بوە، لە پەراوێز ڕون کراوەتەوە.

٨. هەمو فەرمودەکان بە پێی توانا بە حەرەکات وسەکەنات (سەرە وبۆرە...)ەوە دانراوە، کە لە عەرەبیەکەدا وا نیە.

٩. لە پاش هەر دەقێك یەك سەر لە کەوانەیەکی ئاوهادا «» وەرگێڕانی بۆ کراوە.

١٠. دەقە دو بارەکان فەرمایشت بن یان فەرمودە، وەرگێڕانەکەی دو بارە نەکراوەتەوە.

١١. ئامرازی پەیوەندی واو، دراوەتە پاڵ وشەکەی دوای خۆی، بۆ نمونە بەم شێوازە: «بە بەڵگەی قورئان، وفەرمودە، وکۆ دەنگی».

١٢. ئەم جۆرە فاریزەیە کە خاڵێك لە ژێریەتی « ؛ »، واتە: ئەوەی دوای خۆی، ڕونکردنەوەی پێش خۆیەتی.

١٣. کاری سەرەکی من وەرگێڕانە، بۆیە لە کتێبەکەدا بۆچونێك لە یەکێکی تر بە پەسەند تر زانرا بێت، تەعقیب نەکراون وقسەی لە سەر نەکراوە، بە تایبەت تر مەسەلە فیقهیەکان زۆرێکی فراوانی تێدایە.

١٤. بۆ ورد بین ڕون دەبێتەوە تەخریجەکەیان یەك دەست نیە، وبواریشیان بۆ وردە کار هێشتۆتەوە، جا ئەمە چارەسەر کراوە، بۆ نمونە: دەقەکە بەو شێوازە نەبو بێت، یان ژمارەکە هی ئەو دەقە نەبو بێت وهتد...، وشەیەکیشی بۆ زیاد کرا بێت لە نێوان دوو

کەوانەدا دامناوە، چونکە بە لامەوە گرنگ بوە کتێبە عەرەبیەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە بێ دەست کاری کردن. هەر لەم جۆرەش: ئەو تەخریجە زۆرانەیە کە دوبارە بۆتەوە زۆر جار بە جیاوازیشەوە، جا لێرەدا تێ هەڵکێش کراوە ولە یەك شوێندا دانراوە، کە دوبارە بویەوە، دەنوسرێت: [پێشو] یا [پێشتر].

١٥. هەر لەم جۆرە: تەخریج کردنی ئەو شوێنانەیە، کە تەخریج نەکراوە.

١٦. کە لە خوارەوە بەم شێوازە نوسیم: [هذا لفظه= ئەمە لەفزەکەیەتی]، واتا: لەو کتێبەی ئەوان پشتیان پێ بەستوە، وئەو شوێنەی ئەوان ئاماژەیان بۆ کردوە، دەقەکەمان لەو شوێنەدا وبەو شێوازەی ئەوان بەر چاو نەکەوتوە، هەڵیش دەگرێت ئەوەی ئەوانیش لە نوسخەی تردا وا بێت، بەڵام من گومانم بۆ ئێوە کردوە بە یەقین ودەقی فەرمودەکەم لە سەر چاوەکەوە نوسیوەتەوە، ئەگەریش زیاد وکەمێکیان کرد بێت لە نێوان دو کەوانە دامناوە، بە ڕادەیەك ترست نەبێت لە بەری بکە ووا بزانە لە کتێبەکانی فەرمودەوە لە بەرت کردوە والحمد لله تعالى.

١٧. کە نوسیمان: «فەرموده» واتا: حەدیس، «فەرمایشت»یش: ئایەت.

١٨. ئەم وشە وڕستانە ئاوها وەرگێڕدراوە:

«لا يجوز»: دروست نیە. بەڵام «لا يصح»: دروست نابێت.

«ينبغي»: ئەبێت. بەڵام «يجب»: پێویستە.

١٩. ئەم ڕەمز وسیمبولە بە کار هاتوانەش بەم واتایانە دێن:

- ﷻ «عَزَّ وَجَلّ»، واتە: توانا ودەسەڵات ومەزنی وشکۆ بۆ خوا.
- ﷻ «جل وعلا»، واتە: شکۆ داری وبەرزی بۆ خوا.
- ﷻ «تبارك وتعالى»: واتە: پیرۆزی وفەڕ وبەرەکەت وبەرزی بۆ خوا.
- ﷻ «سبحانه وتعالى»: واتە: پاکی وبێ عەیبی وکورتی وبەرزی بۆ خوا.
- ﷺ «صَلَى الله عَلَيْهِ وَسَلَّم»، واتە: سەڵات وسەلامی خوای لێبێت.

- ﷺ «رَضِيَ اللّٰه عَنْه»، واته: خوای لێ ڕازی بێت.
- ﷺ «رَضِيَ اللّٰه عَنْهَا»، واته: خوای لێ ڕازی بێت «بۆ مێینه».
- ﷺ «رَضِيَ اللّٰه عَنْهما»، واته: خوا له هەر دوکیان ڕازی بێت.
- ﷺ «رَضِيَ اللّٰه عَنْهَم»، واته: خوا له هەمویان ڕازی بێت.
- رَحِمَهُ ٱللَّهُ، واته: ڕەحمەتی خوای لێ بێت.
- «سەحیحەین»: واته: هەر دو تاکه کتێبه سەحیحەکه، که صەحیحی بوخاری وصەحیحی موسلمن.
- «شەیخەین»: واته: هەر دو شێخەکه، که شێخی بوخاری وشێخی موسلمن.
- «متفق علیه»: واته: «کۆکن له سەر گێڕانەوەی»، یانی: بوخاری وموسلم.
- «خاوەن سونەنەکان»: بریتین له نەسائی، وتورمزی، وئەبو داود، وئیبن ماجه.
- «بەرزی دەکاتەوە»: واته: ئەیداته پاڵ پەیامبەر ﷺ.

٢٠. له کۆتایی کتێبەکەدا -بە حەول وقوەتی خوا- پێڕستێکی ورد ودور ودرێژمان کردوە بۆ سەرجەم بابەتەکان، که دەگاته «٣٠» سی لاپەڕە، والحمد لله.

پەروەردگارا! هەوڵم دا هەندێك هۆکار بگرمە بەر بۆ بەرەکەت داری ئەم کتێبە، سا لێت دەپاڕێمەوە بە فەزڵی خۆت، بەرەکەت وفەڕ وپیرۆزی بە سەر کتێبەکە وخوێنەرانی دا بڕێژە، وبیکە مایەی سود بۆ سەرجەم موسڵمانانی کورد زوبان، وبیکە مایەی لێ خۆشبون. لە کەم وکورتیشم ببورە بە لێ بوردەیی وبەخشندەیی خۆت.

بەندەی خوا

علی خان

٠٧٧٠١٢٣٤١٥٧

info@ali-xan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

ڕێبازی کار لەم کتێبەدا(١)

ڕێبازی کار لەمانەی خوارەوەدا کورت هەڵ دەهێنین:

یەکەم: دابەش کردنی بابەتەکان بۆ چەند بەش (كِتَاب)ێکی سەرەکی، وهەر بەشێکیش دابەش کراوە بۆ چەند دەروازەیەك، وهەر دەروازەیەك چەند پرسێکی لە ژێردایە، ئەمەش بۆ نزیکردنەوە وئاسان کردنەوەی باسەکان بۆ خوێنەر.

دووەم: لە هەر بابەتێکدا تەنها مەسەلە گرنگەکان هێنراوە کە پێویستی ئەیخوازێت، وباسی وردە چڵ وئەو مەسەلانەمان نەکردوە کە خەڵك کەم پێویستیان پێ دەکەوێت.

سێیەم: کورت بڕی وهەڵبژاردنی لەفز ودەستەواژە ئاسان وڕونەکان بە پێی توانا.

چوارەم: لە هەر پرسێکدا تەنها بەڵگە پشت پێ بەستراوەکانمان هێناوە.

پێنجەم: لەو پرسانەی ڕا جیاوازی تێدایە، تەنها وتەی پەسەند باس کراوە کە پشت قایمە بە بەڵگە، بێ پەنا بردن بۆ باس کردنی ڕا وبۆچون وتەکان لە پرسەکەدا.

شەشەم: ئایەتەکان دراوەتە پاڵ شوێنەکەیەوە؛ بە باس کردنی ناوی سورەت وژمارەی ئایەت، ئەمەش لە تەنیشت ئایەتەکەدا.

حەوتەم: تەخریج کردنی فەرمودەکانی پەیامبەر ﷺ؛ بە دانە پاڵی سەرچاوە باوەڕ پێ کراوەکانی؛ ئەگەر لە سەحیحەین یان یەکێکیان هەبێت ئەوە بەسە، ئەگەریش لەوێ نەبێت، لە سەرچاوە بە ناو بانگەکانی ترەوە تەخریجمان کردوە، وچوار

---

(١) [پێش ئەم ناونیشانە، خشتەی کار هەبو، جا لەبەر ئەوەی ڕێك بریتی بو لە پێڕستی ئەم کتێبە لابرا].

سونەنەکەمان خستۆتە پێش ئەوانی ترەوە، هەروەها حوکم دراوە بە سەر فەرمودەکان وئاستەکەی ڕون کراوەتەوە جگە لە فەرمودەکانی سەحیحەین، ئەمەش بە باس کردنی وتەی پێشەوایانی ئەم بوارە -بە کۆن وتازەیانەوە- لەم بارەوە.

هەشتەم: وشە وزاراوە نامۆکان کە پێویستی بە ڕۆشن کردنەوە هەیە ڕون کراوەتەوە، جا ئەو وشە وزاراوانە ئەگەر لە میانەی شەرح دا بێت لە پەراوێز باس کراوە، ئەگەریش لە زاراوە سەرەکیەکانی ئەم لێ کۆڵینەوەیە بن ئەوا هەر لە ناوەڕۆکەکەیدا لە سەرەتای هەمو دەروازە وپرسێك باس کراوە.

نۆیەم: سود بینین لە هەندێك کتێبی فیقهی سەردەم لە گرنگترینیان:

«الشرح الممتع» ی مامۆستای بەڕێز شێخ موحەممەد بن عوسەیمین ﵀.

و«الملخص الفقهي» ی مامۆستای بەڕێز شێخ سالّح ئەلفەوزان خوا بیپارێزێت.

ئەمە جگە لە سەرچاوە سەرەکیەکانی هەر چوار مەزهەبەکە وجگە لەوانیش.

دەیەم: باس کردنی هەندێك لەو شتانەی کەوا زۆرێکی خەڵك بە پێچەوانەی قورئان وسوننەتی صەحیحەوە ئەنجامی دەدەن، وڕون کردنەوەی ڕاست وهەقەکە لەو بارەوە، ئەمەش لەو شوێنانەی پێمان وابوە پێویستی دەیخوازێت.

یانزەهەم: لە کۆتایی کتێبەکەدا پێڕستێکی وردمان داناوە بۆ بابەت وپرسەکانی کتێبەکە، ئەمەش تا ئاسان بێت بۆ کەسی خوێنەر.

بەشی ڕۆژوو

لە پێنج دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکەم: لە بارەی پێشەکیەکانی ڕۆژوەوە.

دەروازەی دوەم: ئەو عوزرانەی ڕۆژنەگرتن حەلاڵ دەکەن، هەروەها بەتاڵ کەرەوەکانی ڕۆژو.

دەروازەی سێیەم: سوننەت ومەکرِوهەکانی ڕۆژو.

دەروازەی چوارەم: لە بارەی قەزا کردنەوە وڕۆژوی سوننەت، هەروەها چی مەکرِوهـ وچی حەرامە بۆ ڕۆژوان.

دەروازەی پێنجەم: لە بارەی ئیعتیکاف کردنەوە.

ده‌روازه‌ی یه‌كه‌م

له‌ باره‌ی پێشه‌كیه‌كانی ڕۆژووه‌وه‌

چه‌ند پرسێكی تێدایه‌:

پرسی یه‌كه‌م: پێناسه‌ی ڕۆژو، وڕونكردنه‌وه‌ی پایه‌كانی:

١- پێناسه‌كه‌ی:

«الصيام» له‌ زماندا: بریتیه‌ له‌ خۆگرتنه‌وه‌ له‌ شت. له‌ شه‌رعیشدا: بریتیه‌ له‌ خۆگرتنه‌وه‌ له‌ خواردن وخواردنه‌وه‌، وسه‌رجه‌م ئه‌وانه‌ی ڕۆژو به‌تاڵ ده‌كه‌نه‌وه‌، به‌ نیه‌ته‌وه‌، له‌ ده‌رچونی سپێده‌ ڕاسته‌كه‌وه‌ تا ئاوابونی خۆر له‌ خۆرئاواوه‌.

٢- پایه‌كانی:

له‌ میانه‌ی پێناسه‌كردنی ڕۆژو له‌ ڕوی شه‌رعه‌وه‌ ڕونه‌وه‌ بو كه‌ دو پایه‌ی سه‌ره‌كی هه‌یه‌:

یه‌كه‌م: خۆگرتنه‌وه‌ له‌ شكێنه‌ره‌كان له‌ ده‌رچونی سپێده‌وه‌ تا ئاوابونی خۆر. به‌ڵگه‌ی ئه‌م پایه‌یه‌ش فه‌رمایشته‌كه‌ی خوایه‌ ﷻ كه‌ ئه‌فه‌رموێ: ﴿فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ﴾ [البقرة: ١٨٧] «جا ئێستا جوتبن له‌گه‌ڵیاندا وئه‌وه‌ بخوازن كه‌ خوا بۆی ته‌قدیر كردون كه‌ منداڵه‌، وبخۆن وبخۆنه‌وه‌ تا سپیایی به‌یانیان وڕه‌شایی شه‌وتان لا ڕون ده‌بێته‌وه‌ كه‌

ئەمە بە دەرکەوتنی سپێدەی ڕاست دەبێت، پاشان دەست بکەن بە ڕۆژو گرتن بە دورکەوتنەوە لە بەتاڵکەرەوەکان تا شەو دێت کە ئاوابونی خۆره». مەبەستیش لە هێڵی سپی ورەش: سپیایی ڕۆژ ورەشایی شەوە.

دوەم: نیەت، کە ڕۆژوگر بەم خۆرگرتنەوەیە لە بەتاڵکەرەوەکان، مەبەستی پەرستشی خوا ﷻ بێت، جا ئەو کردەوانەی مەبەست لێیان پەرستنە بە نیەت جیا دەبنەوە لە کردەوەکانی تر، هەر بە نیەت پەرستنەکان هەندێکی لە هەندێکی تری جیا دەبێتەوە، جا ڕۆژوگر بەم ڕۆژوە: ئەکرێ مەبەستی گرتنی ڕۆژوی ڕەمەزان بێت، ئەشکرێ مەبەستی جۆرێکی تر بێت لە جۆرەکانی ڕۆژو.

بەڵگەی ئەم پایەیەش فەرمایشەکەی [پێشتر] پەیامبەرە ﷺ: «کار وکردەوەکان بە نیەتە، وبۆ هەر بەندەیەك هەیە لە پاداشت وسزا بە گوێرەی نیەتی».

پرسی دوەم: حوکمی ڕۆژوی ڕەمەزان، وبەڵگەکەی:

خوا ﷻ ڕۆژوی مانگی ڕەمەزانی فەرز کردوە، وکردویەتیە یەکێك لە پێنج پایەکەی ئیسلام، ئەمەش لەو فەرمایشتەیدا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [البقرة: ١٨٣].

«ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە خوا وپەیامبەر هەیە وئیش بە شەرعەکەی دەکەن، خوا ڕۆژوی لە سەر فەرز کردون وەك چۆن لە سەر گەلانی پێش ئێوەی فەرز کردوە،

بەشکو پارێز بکەن؛ پارێزێك بخەنە نێوان خۆتان وتاوانەکان»، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ [البقرة:١٨٥] «مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە خوا قورئانی تێدا دابەزاندوە لە شەوی قەدردا، بۆ ڕێنماییکردنی خەڵکی بۆ هەق، ڕونترین بەڵگەکانی تێدایە لە سەر ڕێنمایی خوا وجیاکاری هەق وپوچ، جا کێ لە ئێوە گەیشتە ئەو مانگە وتەندروست ونیشتەجێ بو، ئەوا با ڕۆژەکەی بە ڕۆژو بێت». هەروەها لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] ئیبن عومەر رضي الله عنهما: «ئیسلام لە سەر پێنج شت بونیاد نراوە: شایەتومان، شاهێدی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك بە هەق نیە مەگەر خوا، وموحەممەد بەندە وپەیامبەری خوایە، وئەنجامدانی نوێژ، وزەکاتدان، وحەجی ماڵی خوا، وڕۆژوی ڕەمەزان». هەروەها لەبەر فەرمودەکەی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵلا کە دەشتەکیەکی قژ گڤن وتێك چو دێتە خزمەتی پەیامبەری خوا ﷺ وئەڵێ: «[...] أَخْبِرْنِي مَا فَرَضَ اللهُ عَلَيَّ مِنَ الصِّيَامِ؟ فَقَالَ: شَهْرَ رَمَضَانَ، [فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُ؟ فَقَالَ: لَا] إِلَّا أَنْ تَطَوَّعَ شَيْئًا»

«هەوالّم پێبدە لەبارەی ڕۆژوەوە خوا چی لە سەرم فەرز كردوە؟ فـەرموی: مـانگی ڕەمەزان، وتی: جگە لەوە؟ فەرموی: نیە، مەگەر خۆت سوننەت بكەیت»[(١)].

هەروەها ئوممەت كۆكن لە سەر فـەرزێتی ڕۆژوی ڕەمـەزان، وكـە یەكێكـە لـە پایەكانی ئیسلام كە لە دیندا بەڵگە نەویستە «معلوم بالضرورة»، وكـە نكـوڵی لێكەرەكەی بێ باوەڕە ولە دینی ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە.

بەمەش سەلما كـە ڕۆژو فـەرزە بـە قورئـان وسـوننەت وكـۆ دەنگـی ونكـوڵی لێكەرەكەی بێ باوەڕە.

پرسی سێیەم: بەشەكانی ڕۆژو:

ڕۆژو دو بەشە: واجب، وسوننەت.

واجبیش ئەبێتە سێ بەشەوە:

١. ڕۆژوی ڕەمەزان.

٢. ڕۆژوی كەفارەتەكان.

٣. ڕۆژوی نەزر.

(١) أخرجه البخاري (٤٦)، ومسلم (١١) [والزيادة له، واللفظ للبخاري (١٨٩١) فَلَفَّقُوا بين الروايتين].

لێرەشدا تەنها باسی ڕۆژوی ڕەمەزان وڕۆژوی سوننەت دەکرێت، سەبارەت بە بەشەکانی تر ئەوا لە شوێنی خۆیدا دێت -بە ویستی خوا-.

پرسی چوارەم: فەزڵی مانگی ڕەمەزان، وحیکمەت شەرعی بونی:

١. **فەزڵەکەی:** لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ هاتوە، پەیامبەری ﷺ فەرمویەتی: «مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ، وَمَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ» «هەر کەس شەوی قەدر شەو نوێژ بکات بە بڕابون وچاوەڕێی پاداشتەوە، ئەوا خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش دەبێت، وهەر کەس ڕۆژوی ڕەمەزان بە بڕوابون وچاوەڕێی پاداشتەوە بگرێت، ئەوا خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش دەبێت»[(١)]. هەر لەوەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ هاتوە، [وەك ڕابورد] پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «پێنج فەرزەکە، وهەینی بۆ هەینی، وڕەمەزان بۆ ڕەمەزان، سڕێنەرەوەی تاوانەکانی ئەو نێوەندەن ئەگەر لە تاوانە گەورەکان دور بێ».

ئەمە هەندێکە لە فەزڵەکانی ڕۆژوی ڕەمەزان کە هاتوە، وفەزڵەکانی تریش زۆرن.

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٠١)، ومسلم (٧٦٠).

٢. دانایی لە شەرعیەت بونی ڕۆژوگرتنی: خوا ﷻ ڕۆژی شەرع کردوە لەبەر زۆر حیکمەت وفرە سود، لەوانە:

أ. پاکژ وتەمیزکردنەوە وخاوێنکردنەوەی دەرون لە شتە خراپ وڕەوشتە نزمەکان، چونکە ڕۆژو ڕێڕەوی شەیتان لە جەستەی مرۆڤ تەسك دەکاتەوە.

ب. لە ڕۆژودا دونیا نەویستی وشەهوەت نەویستی تێدایە لەگەڵ هاندان بۆ دوارۆژ ونیعمەتەکانی.

ت. ڕۆژوگرتن ئەبێتە مایەی بەزەیی هاتنەوە بە هەژاران، وهەستکردن بە ئازاریان، چونکە ڕۆژوگر خۆی ئازاری تینویەتی وبرسیەتی دەچەژێت.

تا کۆتایی ئەو حیکمەتە گەورە وسودە زۆرانە.

پرسی پێنجەم: مەرجەکانی فەرزبونی ڕۆژوی ڕەمەزان:

ڕۆژوی ڕەمەزان فەرزە لە سەر کەسێك ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١. **ئیسلامەتی:** جا نە واجبە، نە دروست ئەبێت بێ باوەڕ ڕۆژو بگرێت، چونکە ڕۆژو پەرستنە، پەرستنیش لە بێباوەڕەوە دروست نابێت، کە موسڵمانیش بو لە سەری نییە قەزای لە دەست چوەکان بکاتەوە.

٢. **پێگەیشتن** «البلوغ»: جا ڕۆژو واجب نیە لە سەر کەسێك نەگەیشتبێتە تەمەنی داوا لێکردن «التکلیف»، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتر] پەیامبەر ﷺ: «قەڵەم هەڵگیراوە لە سەر سیان» لەوانە: «ولە سەر منداڵ تا باڵغ ئەبێت». بەڵام

ئەگەر پێ نەگەیشتو ڕۆژوی گرت، دروست ئەبێت ئەگەر لە تەمەنی جیاکاری بێت، وئەبێت کار بە دەست «ولي أمر»ی مندالّ فەرمانی ڕۆژوی پێ بکات، تا ڕا وهۆگر بێت لە سەری.

٣. **ژیری:** جا ڕۆژو واجب نیە لە سەر شێت وکەم عەقلّ، لەبەر فەرمودەکەی [پێشو]: «قەلّەم هەلّگیراوە لە سەر سیان» لەوانە: «**شێت تا عەقلّ ئەگرێت**».

٤. **توانابون:** جا هەر کەس نەیتوانی لەبەر گەورەیی یا جگە لەوە یا نەخۆش بو توانای ڕۆژی نەبو، فەرز نیە لە سەری، ئەگەریش گرتی دروست ئەبێت، لەبەر ئایەتی: ﴿وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة: ١٨٥] «وڕێگەدراوە بە نەخۆش وڕێبوار بە ڕۆژو نەبن، بەلاّم دوا جار ئەو ڕۆژانە قەزا دەکەنەوە». کە نەخۆشیەکە نەما ئەوا فەرزە لە سەری قەزای ئەو ڕۆژانە بکاتەوە.

٥. **نیشتەجێیی:** جا ڕۆژو واجب نیە لە سەر ڕێبوار، لەبەر ئایەتی [پێشو]: ﴿وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ الآية [البقرة: ١٨٥]، بەلاّم ئەگەر ڕۆژوی گرت دروست ئەبێت. واجبیشە لە سەری ئەوە قەزا بکاتەوە کە لە سەفەر نەیگرتوە.

٦. **لە سوڕی مانگانە وزەیستانی نەبون:** ئافرەتێك وابێت لە سەری فەرز نیە بیگرێت، بەلّکو حەرامە لە سەری، لەبەر فەرمودەکەی [پێشوتری] پەیامبەر ﷺ: «ئەوە نیە کە دەکەوێتەوە عادەوە نە نوێژ دەکات نە ڕۆژو دەگرێت؟ وتیان:

بەڵێ، فەرموی: جا ئەوە کورتیە لە دیندا». وپێویستە لە سەریان قەزای بکەنەوە، لەبەر وتەکەی عائیشە ﵂: «كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ، فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ، وَلَا نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ» «توشی ئەمە دەهاتین، فەرمانمان پێ دەکرا بە قەزاکردنەوەی ڕۆژو، بەڵام فەرمانمان پێ نەدەکرا بە قەزاکردنەوەی نوێژ»(١).

پرسی شەشەم: سەلماندنی هاتنی مانگی ڕەمەزان وتەوابونی:

هاتنی ڕەمەزان دەسەلمێت بە بینینی مانگ، ئیتر خۆی بیبینێت یان بە گەواهیدانی جگە لە خۆی کە بینیویەتی، یا هەواڵدانی لەم بارەوە، جا کە موسوڵمانێکی دادگەر شایەتیدا مانگی ڕەمەزانی بینیوە، بەو شایەتیدانە هاتنی مانگی ڕەمەزان دەسەلمێت، لەبەر فەرمایشتی: ﴿فَمَنْ شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ [البقرة:١٨٥]. هەروەها لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «إِذَا رَأَيْتُمُوهُ فَصُومُوا» «کە بینیتان بە ڕۆژو بن»(٢)، ولەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﵁: «أَخْبَرْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ أَنِّي رَأَيْتُهُ، فَصَامَ وَأَمَرَ النَّاسَ بِصِيَامِهِ» «هەواڵم دا بە پەیامبەری خوا کە من مانگم بینا، ئەوەبو ڕۆژوی گرت وفەرمانی کرد بە خەڵك

(١) أخرجه مسلم (٣٣٥).
(٢) أخرجه البخاري (١٩٠٠)، ومسلم (١٠٨٠) – ٨.

ڕۆژو بگرن»[١]. جا ئەگەر مانگ نەبینرا، یا موسڵمانێکی دادگەر شایەتی نەدا کە بینیویەتی، ئەوا پێویستە سی ڕۆژەکەی شەعبان تەواو بکەن.

هاتنی ڕەمەزان بە جگە لەم دوانە ناسەلمێت یا بینینی مانگ یا تەواوکردنی هەر سی ڕۆژەکەی شەعبان، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «صُومُوا لِرُؤْيَتِهِ، وَأَفْطِرُوا لِرُؤْيَتِهِ، فَإِنْ غُبِيَ[٢] عَلَيْكُمْ فَأَكْمِلُوا عِدَّةَ شَعْبَانَ ثَلاثِينَ» «ڕۆژو بگرن بە هۆی بینینی مانگی ڕەمەزانەوە، وبیشکێنن بە هۆی بینینی مانگی شەوالەوە، جا ئەگەر داپۆشرا ووشاراوە بو ئەوا هەر سی ڕۆژەکەی شەعبان تەواو بکەن»[٣].

وتەواوبونی ڕەمەزانیش دەسەلمێت: بە بینینی مانگی شەوال، ئەمەش بە شایەتی دانی دو موسڵمانی دادگەر، ئەگەرنا واجبە هەر سی ڕۆژەکەی ڕەمەزان تەواو بکەن.

---

(١) أخرجه أبو داود (٢٣٤٢)، والحاكم في المستدرك (٤٢٣/١) وصححه [واللفظ المثبت لأبي داود].

(٢) وفي بعض الروايات: «غُمِّي»، وبعضها: «غُمَّ»، والمعنى: غطي وخفي ولم يظهر.

(٣) أخرجه البخاري (١٩٠٩)، ومسلم (١٠٨١).

پرسی حەوتەم: کاتی نیەت لە ڕۆژودا وحوکمەکەی:

پێویستە لە سەر ڕۆژوان نیەتی ڕۆژویان هەبێت، کە پایەیەکە لە پایەکانی وەك ڕابورد، لەبەر فەرمایشتی [پێشوتری] پەیامبەر ﷺ: «کردەوەکان بە نیەتە وبۆ هەر کەس هەیە بە گوێرەی نیەتەکەی». هەر بە شەویش ئەبێت نیەت بهێنێت بۆ ڕۆژوی پێویست، وەك ڕۆژوی ڕمەزان وکەفارەت وقەزاکردنەوە ونەزرکردن، با پێش سپێدەش بێت بە یەك خولەك، لەبەر فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ لَمْ يُبَيِّتِ الصِّيَامَ قَبْلَ الْفَجْرِ فَلَا صِيَامَ لَهُ» «کێ هەر بە شەو پێش سپێدە نیەتی ڕۆژوی فەرزی نەبێت ئەوا ڕۆژوی بۆ نیە»[(١)]. جا هەر کەس نیەتی ڕۆژوی هەبێت لە ڕۆژدا، وهیچی نەخواردبێت، ناکەوێت لە سەری مەگەر بۆ ڕۆژوی سوننەت، ئەمە بە نیەتی ڕۆژ دروستە ئەگەر هیچ شتێکی نەکردبو [لە تاڵ کەرەوەکان]، لەبەر فەرمودەکەی عائیشە رضي الله عنها: «دَخَلَ عَلَيَّ النَّبِيُّ ﷺ ذَاتَ يَوْمٍ فَقَالَ: هَلْ عِنْدَكُمْ شَيْءٌ؟ فَقُلْنَا: لَا، قَالَ: فَإِنِّي إِذَنْ صَائِمٌ» «پەیامبەر ﷺ ڕۆژێك هات بۆ لام، فەرموی: ئایا هیچتان لایە بۆ خواردن؟ وتمان: نەخێر، فەرموی: کەواتە من بە

(١) أخرجه الترمذي (٧٣٣)، والنسائي (١٩٦/٤) واللفظ له، وابن ماجه (١٧٠٠)، وصححه الألباني.

ڕۆژوم»[١]. سەبارەت بە ڕۆژوی واجب ئەوا دانامــەزرێت بــە نیــەتی ڕۆژ، وئــەبێت شەو نیەتی هەبێت.

ویەك نیەت بەسە لە سـەرەتای ڕەمەزانـەوە بـۆ سـەرجەم مانگەكـە، وباشـترە «یستحب» هەمو ڕۆژێك تازە بكرێتەوە.

(١) أخرجه مسلم (١١٥٤) - ١٧٠.

دەروازەی دووەم

لە بارەی ئەو عوزرانەی ڕۆژو نەگرتن حەڵاڵ دەکەن، هەروەها پوچەڵکەرەوەکانی ڕۆژو

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: ئەو بیانوانەی بە هۆیەوە دروستە بە ڕۆژو نەبیت:

لە ڕەمەزاندا دروستە ڕۆژو نەگیرێت لەبەر ئەم عوزرانەی خوارەوە:

یەکەم: نەخۆشی وبە تەمەنی: جا دروستە نەخۆش ڕۆژو نەگرێت، نەخۆشیەك قورس بێت لەگەڵیدا ڕۆژو بگرێت، کە چاك بویەوە پێویستە لە سەری ئەو ڕۆژانە قەزا بکاتەوە کە نەیگرتوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة:١٨٤]، «خوا ڕۆژوگرتنی چەند ڕۆژێکی دیاری کراوی لە سەر فەرز کردون کە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزانە، جا کامتان نەخۆش بو قورس بو لە سەری یا لەسەفەر بو ئەوا بۆی هەیە نەیگرێت، بەڵام لە سەریەتی بە ژمارەی ئەو ڕۆژانە قەزا بکاتەوە لە ڕۆژانی داهاتودا». لەبەر ﴿فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة:١٨٥].

ئەو نەخۆشیەشی هیڵراوە بە هۆیەوە ڕۆژو نەگیرێت؛ ئەوەیە قورس بێت لە سەر نەخۆش ڕۆژو بگرێت. بەڵام نەخۆشێك كە ئومێدی چاك بونەوەی ناكرێت، یا نەتوانێت ڕۆژو بگرێت نەتوانینێكی بەردەوام وەك بە تەمەن، ئەوا بۆی هەیە ڕۆژو نەگرێت، وپێویست نیە لە سەری قەزای بكاتەوە، تەنها فیدیەی لە سەرە بەوەی بۆ هەر یەك ڕۆژ نانی هەژارێك بدات، چونكە خوا ﷻ خواردندانی كردە هاوتای ڕۆژوگرتن ئەو كاتەی سەر پشك بون هەبو لە نێوانیاندا لە سەرەتای فەرزبونی ڕۆژودا، كەواتە ئەبێت جێی بگرێتەوە لەكاتی عوزردا.

پێشەوا بوخاری ﵀ ئەڵێ: «وَأَمَّا الشَّيْخُ الْكَبِيرُ إِذَا لَمْ يُطِقِ الصِّيَامَ فَقَدْ أَطْعَمَ أَنَسٌ بَعْدَمَا كَبِرَ عَامًا أَوْ عَامَيْنِ كُلَّ يَوْمٍ مِسْكِينًا خُبْزًا وَلَحْمًا وَأَفْطَرَ... قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: لَيْسَتْ بِمَنْسُوخَةٍ، هُوَ الشَّيْخُ الْكَبِيرُ، وَالْمَرْأَةُ الْكَبِيرَةُ، لاَ يَسْتَطِيعَانِ أَنْ يَصُومَا، فَلْيُطْعِمَانِ مَكَانَ كُلِّ يَوْمٍ مِسْكِينًا» «سەبارەت بە پیاوی بە تەمەن ئەگەر نەیتوانی ڕۆژو بگرێت؛ ئەوا ئەنەس ﵁ كە چوە تەمەنەوە ساڵێك یا دو ساڵ، بۆ هەر ڕۆژێك نانی هەژاری بەخشیوە... وئیبن عەبباس ﵄ لە بارەی ژن وپیاوی بە تەمەن كە ناتوانن ڕۆژو بگرن وتی: با بۆ هەر ڕۆژێك نانی هەژارێك بدات»[1].

(١) صحيح البخاري (٤٥٠٥).

جا ئەگەر توانای ڕۆژوی نەبو، نەتوانینێك ئومێدی باشبونەوەی ناكرێت، بە هۆی نەخۆشی یا پیریەوە، ئەوا بۆ هەر یەك ڕۆژ نانی هەژارێك دەدات بە نیو مەن گەنم یا جۆ یا برزنج وهاوشێوەكانی لە خواردنی شارەكە، ئەندازەی مەنێكیش نزیكەی دو كیلۆ وڕوبعێكە «٢.٢٥» گرام، كەواتە خواردندان بۆ هەر ڕۆژێك: نزیكەی كیلۆیەك وسەد وبیست وپێنج گرامە «١.١٢٥» گرام.

ئەگەریش نەخۆش ڕۆژوی گرت، ڕۆژوەكەی دروستە ولە سەری دەكەوێت.

دوەم: سەفەركردن: حەڵاڵە ڕێبوار ڕەمەزان ڕۆژو نەگرێت، بەڵام پێویستە لە سەری قەزای بكاتەوە، لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷺ: ﴿فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة:١٨٤]. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿فَمَنْ شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة:١٨٥]، هەروەها پرسیاریان لە پەیامبەر ﷺ كرد لە بارەی ڕۆژو گرتن لە سەفەردا، فەرموی: «إِنْ شِئْتَ فَصُمْ، وإِن شِئتَ فَأَفْطِرْ» «ویستت ڕۆژو بگرە، ویستیشت لێ نە بو مەیگرە»(١). ولە مانگی ڕەمەزاندا بە زوبانی ڕۆژوەوە چو بۆ مەككە، كە گەیشتە «كەدید» شكاندی، خەڵكیش شكاندیان(٢).

---

(١) صحيح البخاري (١٩٤٣).

(٢) أخرجه البخاري (١٩٤٤).

هەروەها حەڵاڵە ڕۆژو نەگیرێت لە هەر سەفەرێکی درێژدا کە دروستە نوێژی تێدا کورت بکرێتەوە[١]، کە ئەندازەکەی دەگاتە چل وهەشت میل، واتە: نزیك هەشتا کلم.

ئەو سەفەرەشی حەڵاڵە ڕۆژوی تێدا نەگیرێت لە ڕەمەزاندا بریتیە لە سەفەری حەڵاڵ، جا ئەگەر سەفەری تاوان یا حیلە بو بۆ ڕۆژو شکاندن، ئەوا حەڵاڵ نیە بە هۆیەوە نەیگرێ.

ئەگەر ڕێبوار ڕۆژو بگرێت ئەوا ڕۆژوەکەی دروست ئەبێت ولە سەری ئەکەوێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەنەس ﵁: «كُنَّا نُسَافِرُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فَلَمْ يَعِبِ الصَّائِمُ عَلَى الْمُفْطِرِ، وَلَا الْمُفْطِرُ عَلَى الصَّائِمِ» «ئێمە لەگەڵ پەیامبەردا ﷺ سەفەرمان دەکرد، جا ڕۆژوگرەکان ڕۆژو نەگرەکانیان عەیب دار نە دەکرد، وڕۆژو نەگرەکانیش ڕۆژو گرەکانیان عەیب دار نە دەکرد»[٢]. بەڵام بەو مەرجەی ڕۆژوگرتن لە سەفەردا قورس نەبێت لە سەری، جا ئەگەر قورس بو لە سەری یان زیانی بۆی هەبو ئەوا بۆ ئەو نەگرتنی باشترە، ئەمەش وەکو وەرگرتنی ڕوخسەتەکە، چونکە پەیامبەر ﷺ لە سەفەردا پیاوێکی بینی بە ڕۆژو بو لە

(١) انظر: «المغني» (٣/٣٤).
(٢) أخرجه البخاري (١٩٤٧).

گەرمیدا سێبەریان بۆ کردبو، وخەڵکیش لێی کۆبوبونەوە، ئەویش فەرموی: «لَيْسَ مِنَ الْبِرِّ الصِّيَامُ فِي السَّفَرِ» «لە چاکە نیە ڕۆژوگرتن لە سەفەردا»(١).

سێیەم: سوڕی مانگانە وزەیستانی: جا ئەو ئافرەتەی عادە یا زەیستانی بۆ دێت پێویستە لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژو نەبێت، وحەرامە ڕۆژو بگرێت، ئەگەریش بیگرێت، دروست نابێت، لەبەر فەرمودەکەی [پێشوتری] ئەبو سەعیدی خودری ﵁ پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «ئەوە نیە کە دەکەوێتەوە عادەوە نە نوێژ دەکات نە ڕۆژو دەگرێت؟ وتیان: بەڵێ، فەرموی: جا ئەوە کورتیە لە دیندا».

هەروەها پێویستە لە سەریان قەزای بکەنەوە، لەبەر وتەکەی [پێشوتری] عائیشە ﵂ «ئێمە توشی ئەمە دەهاتین، جا فەرمانمان پێ دەکرا بە قەزاکردنەوەی ڕۆژو، بەڵام فەرمانمان پێ نەدەکرا بە قەزاکردنەوەی نوێژ».

چوارەم: دو گیانی وشیردان: جا ئافرەت ئەگەر دو گیان یا شیردەر بێت، وبە هۆی ڕۆژوەوە ترسا لە خۆی یا لە منداڵەکەی ئەوا دروستە بۆی نەیگرێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەنەس ﵁، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ وَضَعَ لِلْمُسَافِرِ الصَّوْمَ وَشَطْرَ الصَّلَاةِ، وَعَنِ الْحُبْلَى وَالْمُرْضِعِ» «خوا ﷻ لە

(١) أخرجه البخاري (١٩٤٦).

سەر موسافیر ڕۆژو ونیوەی نوێژی لاداوە، هەروەها لە سەر دوگیـان وشـیردەر»[١].

ودو گیان وشیردەر لە بری ئەو ڕۆژانەی نەیگرتوە قـەزای دەکاتـەوە ئەمـە ئەگـەر ترسیان لە خۆیان هەبو، خۆ ئەگەر لەگەڵ ئەمەدا دو گیـان ترسـی کۆرپەلەکەشـی هەبو، وشیردەر ترسی لە منداڵەکەی هەبو، ئەوا لەگەڵ قەزاکردنەوە بۆ هـەر یـەك ڕۆژ نانی هەژارێکیش دەدات، لەبەر وتەکەی ئـیبن عـەبباس ﵄: «وشـیردەر ودو گیان ئەگـەر ترسـیان لـە منداڵـەکانیان هـەبو ڕۆژوەکـەیان دەشـکێنن وخـواردن دەدەن»[٢].

لەمەوە ڕون بویەوە ئەو هۆکارانەی ڕۆژو نەگرتن حەڵاڵ دەکەن چـوارە: سـەفەر، نەخۆشـی، سـوڕی مانگانـە، وزەیـستانی، وترسـان لـە تیاچـون، وەك دو گیـان وشیردەر.

---

(١) أخرجه الترمذي (٧١٥) وحسنه، والنسائي (١٠٣/٢)، وابن ماجه (١٦٦٧)، وحسَّنه الألباني «صحيح سنن النسائي» (٢١٤٥).

(٢) أخرجه أبو داود (٢٣١٧، ٢٣١٨) [بمعناه] وصححه الألباني «الإرواء» (٢٥.١٨/٤) وروي مثله عن ابن عمر.

پرسی دوەم: هەڵوەشێنەرەوەکانی ڕۆژو:

ئەو شتانەیە ڕۆژوی ڕۆژوان بەتاڵ دەکەنەوە ودەیشکێنن. وڕۆژوان بە کردنی یەکێك لەم شتانەی خوارەوە ڕۆژوەکەی پوچ دەبێتەوە:

یەکەم: خواردن یا خواردنەوەی بە ئەنقەست: لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ﴾ [البقرة: ١٨٧]. ئەم ئایەتە ئەوەی ڕونکردەوە کە حەڵاڵ نیە ڕۆژوان بخۆن وبخۆنەوە لە دوای دەرچونی سپێدەوە تا شەو (خۆر ئاوابون). بەڵام ئەگەر بە لە بیر چونەوە خواردی یا خواردیەوە ئەوا ڕۆژوەکەی دروستە، هەر کە هاتە بیری پێویستە لە سەری دەم بگرێتەوە، یا بیری خرایەوە کە بە ڕۆژوە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ[(١)]: «مَنْ نَسِيَ وَهُوَ صَائِمٌ فَأَكَلَ، أَوْ شَرِبَ، فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللهُ وَسَقَاهُ» «هەر کەس بە ڕۆژو بو، بە هۆی لە بیر چونەوە، خواردی یان خواردیەوە، ئەوا با ڕۆژوەکەی تەواو بکات، چونکە خوا نان وئاوی پێ بەخشیوە». هەروەها ڕۆژو پوچەڵ دەبێتەوە بە سعوتی

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٣٣)، ومسلم (١١٥٥) من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

((بڕنوتی))[١]، وبه هەر شتێك بگاته هەناو، لەو شتانەی کە حوکمی خواردن وخواردنەوەی هەیە با لە دەمیشەوە نەبێت وەك دەرزی موغەززی.

دوەم: جوتبون: ڕۆژو بە جوتبون بەتاڵ دەبێتەوە، جا هەرکەس جوت ببێت وبە ڕۆژو بێت ڕۆژوەکەی بەتاڵ بۆتەوە، ولە سەریەتی تەوبە وداوای لێخۆشبون بکات، وئەو ڕۆژەش قەزا بکاتەوە کە تێیدا جوت بوە، هەروەها لەگەڵ قەزاکردنەوەدا ئەبێت کەفارەتیش بدات، کە بریتیە لە ئازادکرنی کۆیلەیەك، ئەگەر نەبو دو مانگ لە سەر یەك بە ڕۆژو دەبێت، ئەگەریش پێی نەکرا نانی شەست هەژار دەدات، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﵁ وتی: لەو کاتەی لە خزمەتی پەیامبەر ﷺ بوین، پیاوێك هاتە خزمەتی وتی: ئەی پەیامبەری خوا! تیاچوم، فەرمووی: چیتە؟ وتی: لەگەڵ هاوسەرەکەمدا جوتبوم وبە ڕۆژوش بوم، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((ئایا پێت دەکرێت کۆیلەیەك ئازاد بکەیت؟)) وتی: نەخێر، فەرمووی: ((ئەی ئەتوانی دو مانگ بە دوای یەکدا بە ڕۆژو بیت؟)) وتی: نەخێر، فەرمووی: ((ئەی دەتوانی نانی شەست هەژار بدەیت؟)) وتی: نەخێر، ئەڵێ: پەیامبەر ﷺ هەندێك مایەوە، لەو کاتەی لەو حاڵەتەدا بوین زەبیل (قەوشەر)ێك خورمایان بۆ هێنا، فەرمووی: ((پرسیارکەرەکە لە کوێیە؟)) وتی:

(١) دەرمانێکە دەکرێتە لوت.

ئەوەتام، فەرموی: «ئەمە ببە وبیبەخشەوە» کابرا وتی: بیبەخشمە لە خۆم هەژارتر ئەی پەیامبەری خوا ؟! بە خوا لە نێوان هەردو بەردە ڕەشەکانی مەدینەدا لە من هەژارتری تێدا نیە، ئەوەبو پەیامبەر بوبە پێکەنیەوە تا دانەکانی دەرکەوتن، پاشان فەرموی: «بیدە بە خۆردی خانەوادەکەت»(١).

هەر لەو شتانەی هاواتای جوتبونە: دابەزینی مەنی (ئاوی پیاو)ە بە دەست، جا کە ڕۆژوان ئاوی هاتەوە بە ویستی خۆی بە هۆی ماچکردنەوە یا دەست پێوەدانەوە یان ئاوی خۆ هێنانەوەوە یا جگە لەمانە ئەوا ڕۆژەکەی پوچ دەبێتەوە، چونکە ئەمە لەو شەهوەتەیە کە دژی ڕۆژوە، جا لە سەریەتی قەزای بکاتەوە بە بێ کەفارەت، چونکە کەفارەت پێویست نابێت مەگەر تەنها بە جوتبون، چونکە دەقەکە بە تایبەت لە سەر ئەوە هاتوە. بەڵام ئەگەر ڕۆژوان خەوت ولەشی گران بو، یا ئاوی هاتەوە بە بێ ئارەزو وەك کەسێك نەخۆش بێت ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵ نابێتەوە، چونکە ویستی نیە لەمەدا.

سێیەم: خۆ ڕشاندنەوە بە ئەنقەست: بریتیە لە دەرکردنی ئەوەی لە گەدەدایە لە خواردن وخواردنەوە لە ڕێی دەمەوە بە ئەنقەست، بەڵام ئەگەر زۆری بۆ هێنا ودەرچو بە بێ ویستی خۆی، ئەوە کاریگەری لە سەر ڕۆژوەکەی نیە، لەبەر

(١) أخرجه البخاري (١٩٣٦)، ومسلم (١١١١).

فەرمودەی پەیامبەر ﷺ: «ذَرَعَهُ الْقَيْءُ فَلَيْسَ عَلَيْهِ قَضَاءٌ، وَمَنِ اسْتَقَاءَ عَمْدًا فَلْيَقْضِ» «کێ ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا ئەوا قەزاکردنەوەی لە سەر نیە، کێش خۆی ڕشانەوە ئەوا با قەزای بکاتەوە»[١].

چوارەم: کەڵەشاخ: بریتیە لە دەرکردنی خوێن لە پێستەوە نەك دەمارەکان. جا کەی کەڵەشاخی کرد ڕۆژوەکەی دەشکێت، لەبەر فەرمودەی: «أَفْطَرَ الْحَاجِمُ وَالْمَحْجُومُ» «حیجامەکەر وکەڵە شاخ بۆ کراو ڕۆژوەکەیان شکاوە»[٢]. هەروەها ڕۆژوی حیجامەکەرەکەش دەشکێت مەگەر بە ئامێرێکی لێکجودا بیکات، وپێویستی بە خوێن مژین نەبێت، ئەوا -خواش زاناترە- ناشکێت. هەر لەو شتانەی هاواتای کەڵەشاخە: دەرکردنی خوێنە لە ڕێی برینی دەمارەوە «الفصد»، هەروەها دەرکردنی بۆ بەخشینەوەی.

بەڵام دەرچونی خوێن بە هۆی برین، یا دان هەڵکێشان، یان خوێن لوت بەر بون، ئەوا زیانی نیە؛ چونکە نە کەڵەشاخە ونە هاو واتایەتی.

(١) أخرجه أبو داود (٢٣٨٠)، والترمذي (٧٢٠)، وابن ماجه (١٦٧٦)، وصححه الألباني «صحيح ابن ماجه» (١٣٦٨).

(٢) أخرجه أبو داود (٢٣٦٧) وابن خزيمة (١٩٨٣) وصحح الألباني إسناده «التعليق على ابن خزيمة» (٢٣٦/٣).

پێنجەم: دەرچونی خوێنی عادە وزەیستانی: جا کەی ئافرەت خوێنی سوری مانگانە یا زەیستانی بینی ڕۆژوەکەی شکاوە، وپێویستە لە سەری قەزای بکاتەوە، لەبەر فەرمودەکەی [پێشوتری] پەیامبەر ﷺ: ((ئەوە نیە کە دەکەوێتەوە عادەوە نە نوێژ دەکات ونە ڕۆژو دەگرێت)).

شەشەم: نیەتی شکاندن: جا هەر کەس پێش خۆرئاوابون نیەتی شکاندنی هێنا وبە ڕۆژوش بو ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵ بوەتەوە با هیچ بەتاڵ کەرەوەیەکیش نەکات، چونکە نیەت یەکێکە لە دو پایەکەی ڕۆژو، جا کە نیەتەکەی هەڵوەشاندەوە، بە مەبەستی شکاندنی وبە ئەنقەستەوە ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.

حەوتەم: هەڵگەڕانەوە: لەبەر ئەوەی دژی پەرستنە، ولەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾ [الزمر:٦٥] ((ئەگەر هاوبەش دابنێیت ئەوا بێگومان سوێند بێت کردەوەکانت هەڵدەوەشێتەوە)).

دەروازەی سێ یەم

سوننەتەکانی ڕۆژو ومەکروهەکانی

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: سوننەتەکانی ڕۆژو:

سوننەتە ڕۆژوان لە ڕۆژوەکەیدا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

١- **پارشێو:** لەبەر فەرمایشتەکەی ﷺ: «تَسَحَّرُوا، فَإِنَّ فِي السَّحُورِ بَرَكَةً» «پارشێو بکەن، لە پارشێو فەڕ وپیت هەیە»[١]. بە خواردنی زۆر بێت یا کەم پارشێو بەدی دێت، ئەگەر بە قومە ئاوێکیش بێت.

کاتەکەشی: لە نیوە شەوەوە دەست پێ دەکات تا سپێدە.

٢- **دواخستنی پارشێو:** لەبەر فەرمودەکەی زەیدی کوڕی سابت رضي الله عنه ئەڵێ: «مَعَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ثُمَّ قُمْنَا إِلَى الصَّلَاةِ، قُلْتُ: كَمْ كَانَ قَدْرُ مَا بَيْنَهُمَا؟ قَالَ: خَمْسِينَ آيَةً» «لەگەڵ پەیامبەردا ﷺ پارشێومان کرد، پاشان هەستاین بۆ نوێژ، وتم: چەندێك لە نێوان هەر دوکیان دەبو؟ وتی: ئەندازەی پەنجا ئایەت»[٢].

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٢٣)، ومسلم (١٠٩٥).

(٢) أخرجه البخاري (٥٧٥)، ومسلم (١٠٩٧)، واللفظ لمسلم.

٣- زو دەمکردنەوە: سوننەتە ڕۆژوان هەر کە دڵنیا بویەوە لە خۆر ئاوا بون، پەلە بکات لە ڕۆژو شکاندن، وەك لە سەهلی کوڕی سەعدەوە هاتوە ﵁، پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: لاَ يزَاَلُ الناَّسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الْفِطْرَ» «خەڵك بەردەوام لە خێردان تا زو دەم بکەنەوە»[١].

٤- دەمکردنەوە لە سەر چەند خورمایەکی تەڕ: کە دەستی نەکەوت، بە خورمای وشك، وبا تیق بێت، ئەگەر نەبو بە چەند قومێك ئاو، لەبەر فەرمودەکەی ئەنەس ﵁: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُفْطِرُ عَلَى رُطَبَاتٍ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ رُطَبَاتٌ فَعَلَى تَمَرَاتٍ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ حَسَا حَسَوَاتٍ مِنْ مَاءٍ» «پەیامبەر ﷺ پێش نوێژکردن بە چەند خورمایەکی تەڕ بەربانگی دەکردەوە، نەبوایە بە چەند خورمایەکی وشك، نەبوایە بە چەند قومێك ئاو»[٢].

هیچیشی دەست نەکەوت نیەتی شکاندن بە دڵی دەهێنێ، ئەوە بەسیەتی.

٥- پاڕانەوە لە کاتی بەر بانگ کردنەوە ولە میانەی ڕۆژوەکە: لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «ثَلَاثَةٌ لَا تُرَدُّ دَعْوَتُهُمْ: الصَّائِمُ حَتَّى يُفْطِرَ،

(١) أخرجه البخاري (١٩٥٧)، ومسلم (١٠٩٨).

(٢) أخرجه أبو داود (٢٣٥٦)، والترمذي (٦٩٦). وحسنه، والبغوي في شرح السنة (٦/٢٦٦). وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٥٦٠)، وقوى إسناده الأرناؤوط في التعليق على «شرح السنة».

وَالْإِمَامُ الْعَادِلُ، وَدَعْوَةُ الْمَظْلُومِ» «سیان دوعاکانیان ڕەد ناکرێتەوە: ڕۆژوان تا بەر بانگ دەکاتەوە، وپێشەوای دادگەر، وستەم لێکراو»[(١)].

٦- زۆر صەدەقەکردن، وقورئان خوێندن، وخواردن دان بە ڕۆژوانان، وسەرجەم کارە چاکەکانی تر: له ئیبن عەبباسەوە رضي الله عنهما ئەڵێ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ أَجْوَدَ النَّاسِ وَكَانَ أَجْوَدُ مَا يَكُونُ فِي رَمَضَانَ حِينَ يَلْقَاهُ جِبْرِيلُ وَكَانَ جِبْرِيلُ يَلْقَاهُ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَانَ فَيُدَارِسُهُ الْقُرْآنَ فَلَرَسُولُ اللهِ ﷺ حِينَ يَلْقَاهُ جِبْرِيلُ أَجْوَدُ بِالْخَيْرِ مِنَ الرِّيحِ الْمُرْسَلَةِ» «پەیامبەر ﷺ سەخیترین کەس بو، زیاتر له ڕەمەزاندا کە جبریل دەهات بۆ لای، جا هەمو شەوێکی ڕەمەزان دەهات بۆ لای ودیراسەی قورئانی پێ دەکرد، جا کە پەیامبەر ﷺ جوبریل دەهات بۆ لای بە خوا بۆ خێر لە با بەخشندە تر بو»[(٢)].

٧- تێکۆشان له شەو نوێژدا: بە تایبەت دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان، لە عایشەوە رضي الله عنها: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا دَخَلَ الْعَشْرُ شَدَّ مِئْزَرَهُ، وَأَحْيَا لَيْلَهُ، وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ» «پەیامبەر ﷺ ئەگەر دە شەوی کۆتایی بهاتبایە، ناوقەدی توند دەکرد،

---

(١) أخرجه الترمذي (٢٥٢٦) وحسنه، وأخرجه البيهقي (٣/٣٤٥) وغيره عن أنس مرفوعاً بلفظ: «ثلاث دعوات لا ترد: دعوة الوالد، ودعوة الصائم، ودعوة المسافر». وصححه الألباني «الصحيحة» (١٧٩٧).

(٢) أخرجه البخاري (٦) [ولفظهم أقرب إلى (٣٢٢٠)]، ومسلم (٢٣٠٨).

وشەوەکەی زیندو دەکردەوە وخانەوادەکەی هەڵدەستان»[١]. ولەبەر گشتێتی فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ» «هەر کەس شەو نوێژی ڕەمەزان ئەنجام بدات بە بڕوا بون وچاوەڕێی پاداشتەوە، ئەوا خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش دەبێت»[٢].

٨- **عومرەکردن:** لەبەر فەرمودەکەی ﷺ: «عُمْرَةً فِي رَمَضَانَ تَعْدِلُ حَجَّةً» «عومرەیەك لە ڕەمەزاندا یەکسانە بە حەجکردنێك»[٣].

٩- **وتنی: «من بە ڕۆژوم» بە کەسێك جوێنی پێدا**، ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «وَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ فَلَا يَرْفُثْ وَلَا يَصْخَبْ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ: إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ» «وئەگەر کەسێکتان بە ڕۆژو بو، با قسەی نا ئەخلاقی وقڕە قڕ نەکات، ئەگەریش کەسێك جوێنی پێدا، یا شەڕی لەگەڵ کرد، با بڵێت: من بە ڕۆژوم»[٤].

(١) أخرجه البخاري (٢٠٢٤)، ومسلم (١١٧٤).
(٢) أخرجه مسلم (٧٥٩).
(٣) أخرجه البخاري (١٧٨٢)، ومسلم (١٢٥٦).
(٤) أخرجه البخاري (١٩٠٤)، ومسلم (١١٥١) واللفظ للبخاري.

پرسی دوەم: مەکڕوهەکانی ڕۆژو:

هەندێك شت کەڕاهەتی هەیە دەرهەق ڕۆژوان کە ئەبێتە مایەی لەکەدار کردن وبریندارکردنی ڕۆژوەکەی، وکەمکردنەوەی پاداشتەکەی، کە ئەمانەیە:

١- **موبالەغەکردن لە ئاو دان بە دەم ولوتدا:** ئەمەش لە ترسی ئەوەی ئاو بڕواتە قوڕگیەوە، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتر]: «وزیادەڕەوی بکە لە ئاو دان بە لوتدا مەگەر بە ڕۆژو بیت».

٢- **ماچ کردن ئەگەر ئارەزوی دەجولا**، لە نەفسی خۆیشی دڵنیا نیە: ئەوە کەڕاهەتی هەیە ڕۆژوان ماچ هاوسەرەکەی یا کەنیزەکەکەی بکات، چونکە لەوانەیە بێتە مایەی جولاندنی شەهوەتی وئەوەش سەر بکێشێت بۆ پوچەڵ بونەوەی ڕۆژوەکەی، بەڵام ئەگەر لە خۆی دڵنیا بو ڕۆژوەکەی بەتاڵ نابێتەوە ئەوە هیچی تێدا نیە، چونکە پەیامبەر ﷺ ماچی دەکرد وبە ڕۆژو بو، عائیشە ئەڵێ: «وَكَانَ أَمْلَكَكُمْ لِإِرْبِهِ» «بەڵام لە هەموتان زیاتر خۆی پێ دەگیرا بۆ پێداویستی خۆی»[1]. هەروەها لە سەریەتی خۆی دور بخاتەوە لە هەر شتێك شەهوەتی دەجولێنێت، وەك بەردەوام تەماشاکردنی هاوسەر یا کەنیزەك، یا بیر کردنەوە لە بابەتەکانی جوتبون، چونکە ئەبێتە مایەی ئاو هاتنەوە یا جوتبون.

(١) أخرجه البخاري (١٩٢٧)، ومسلم (١١٠٦) - ٦٤.

٣- **بەڵغەم قوت دان:** چونکە دەڕواتە هەناویەوە وپێی بەهێز دەبێت، ئەمە سەرباری ئەوەی قیزەونە، زیانیشی لێ دەکەوێتەوە.

٤- **تامکردنی خواردن وپێویستیشی نەبێت:** جا ئەگەر پێویستی پێ بو وەك ئەوەی چێشت لێ نەر بو پێویستی بە تامکردنی خوێکە وهاوشێوەکانیەتی ئەوە هیچی تێدا نیە لەگەڵ وریا بون لەوەی هیچ نەگاتە قوڕگی.

دەروازەی چوارەم

له بارەی قەزاکردنەوەی ڕۆژو، وڕۆژوی سوننەت، هەروەها چی کەڕاهەتی هەیە وچی حەرامە له ڕۆژودا؟

چەند پرسێکی تێدایه:

پرسی یەکەم: قەزاکردنەوەی ڕۆژو:

ئەگەر موسڵمان یەك ڕۆژوی ڕەمەزانی نەگرت به بێ عوزر، ئەوا واجبه له سەری بگەڕێتەوە لای خوا وداوای لێ بوردن بکات، چونکه ئەمە تاوانێکی گەورەیە، وخراپەیەکی مەزنە، لەگەڵ تەوبە وداوای لێ خۆشبون پێویستە له سەری دوای ڕەمەزان قەزای ئەو ڕۆژانە بکاتەوە کە نەیگرتوە، واجبێتی قەزاکردنەوەش لێرەدا له سەر ڕای دروستی زانایان بۆ یەکسەر «فوري»یە، چونکه ڕوخسەتی پێ نەدراوە به ڕۆژو نەبێت، وبنەماکەش ئەوەیە: له کاتی خۆیدا بیگێڕێتەوە.

بەڵام ئەگەر نەیگرت به هۆی عوزرێکەوە وەك عادە یا زەیستانی یا نەخۆشی یا سەفەر وجگە له مانەش لەو عوزرانەی به هۆیەوە حەڵاڵە ڕۆژو نەگریت؛ ئەوا پێویستە له سەری قەزای بکاتەوە ئەوەندە نەبێت دەست بە جێ پێویست نیە، بەڵکو دەتوانێت دوای بخات بۆ ڕەمەزانەکەی تر، بەڵام سوننەتە وباشترە پەلە

بکات لە قەزاکردنــەوەی، چــونکە پەلــەکردنی تێدایــە بــۆ ئەســتۆ پاککردنــەوە، هــەروەها ئیحتیــاتی زیاتریــشی تێدایــە؛ لەوانەیــە ڕێگرێــك بێتــە پێــشی وەك: نەخۆشی وهاوشێوەکانی، ئەگەریش دوای خست بۆ ڕەمەزانی دووەم وبیانویەکیـشی هەبو لەو دواخستنەدا، وەك ئەوەی عوزرەکەی درێژە بکێشێت؛ ئەوا لە ســەریەتی دوای ڕەمەزانەکــەی تــر قــەزای بکاتــەوە. بــەڵام ئەگــەر دوای خــست بــۆ پــاش ڕەمەزانەکەی تر بە بێ عوزر، ئەوا لە سەریەتی لەگەڵ قەزا کردنــەوەدا، بــۆ هــەر یەك ڕۆژ نانی هەژارێکیش بدات.

لە قەزاکردنەوەشدا مەرج نیە بە دوای یــەکتردا بێــت، بــەڵکو بــە دوای یــەکتر وپچڕ پچڕیش دەبێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة: ١٨٤]. خــوا ﷻ لــەم ئایەتــەدا بــە دوای یەکتری بە مەرج نەگرت.

پرسی دووەم: ڕۆژوی سوننەت:

لە دانایی خــوا میهرەبــانی بــە بەنــدەکانی ئەوەیــە: سوننەتیــشی دانــاوە کــە هاوشێوەی فەرزەکانن، بۆ زیاتر پاداشــتدانەوەی بەنــدەکان، وپڕکردنــەوەی کــەلێن وکورتیەکان کە لەوانەیە لە فەرزەکەدا هەبێت، پێشتریش باسی ئەوەمان کرد کــە: فەرزەکان پڕ دەکرێنەوە بە سوننەتەکان لە ڕۆژی قیامەتدا.

ئەو ڕۆژانەشی سوننەتە بگیرێت ئەمانەیە:

١- **ڕۆژوی شەشەڵە:** لەبەر فەرمودەکەی ئەبو ئەیوبی ئەنساری رضي الله عنه، لە پەیامبەرەوە ﷺ: «مَنْ صَامَ رَمَضَانَ، ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتًّا مِنْ شَوَّالٍ، كَانَ كَصِيَامِ الدَّهْرِ» «هەر کەس ڕەمەزانی گرت ئینجا شەش ڕۆژی مانگی شەوالیشی بە دوایدا گرت وەکو ئەوە وایە ساڵەکە بە ڕۆژو بو بێت»[(١)].

٢- **ڕۆژوی عەرەفە بۆ جگە لە حاجی:** لەبەر فەرمودەکەی ئەبو قەتادە رضي الله عنه، لە پەیامبەرەوە ﷺ: «صِيَامُ يَوْمِ عَرَفَةَ أَحْتَسِبُ عَلَى اللهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ، وَالسَّنَةَ الَّتِي بَعْدَهُ» «ڕۆژوی عەرەفە ئومێدم هەیە، خوا بیکاتە مایەی سڕینەوەی تاوانی ساڵێك پێش وساڵێك پاش»[(٢)]. بەڵام دەرهەقی حاجی سوننەت نیە ڕۆژوی عەرەفە بگرێت، چونکە پەیامبەر ﷺ ئەو ڕۆژە ڕۆژوەکەی شکاند وخەڵکیش تەماشایان دەکرد، هەروەها هێزی زیاتری تێدایە بۆ حاجی تا پەرستن بکات وبپاڕێتەوە لەو ڕۆژەدا.

٣- **ڕۆژوی عاشورا:** پرسیار لە پەیامبەری خوا ﷺ کرا لە بارەی ڕۆژوی عاشوراوە؟ فەرموی: «أَحْتَسِبُ عَلَى اللهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ» «ئومێدم بە خوا هەیە تاوانی ساڵی پێشو بسڕێتەوە»[(٣)]. هەروەها سوننەتە ڕۆژێك پێش ئەوە

---

(١) أخرجه مسلم (١١٦٤).
(٢) أخرجه مسلم (١١٦٢).
(٣) أخرجه مسلم (١١٦٢). وهو جزء من حديث طويل.

وڕۆژێك پاش ئەوە بگیرێت، لەبەر فەرمودەكەی پەیامبەر ﷺ: «لَئِنْ بَقِيتُ إِلَى قَابِلٍ، لَأَصُومَنَّ التَّاسِعَ» «ئەگەر بمێنمە ساڵی داهاتو ئەوا نۆیەمیش دەگرم»(١).

هەروەها ئەفەرمویٚ ﷺ: «صُومُوا يَوْمَ عَاشُورَاءَ، وَخَالِفُوا فِيهِ الْيَهُودَ؛ صُومُوا قَبْلَهُ يَوْمًا، وَبَعْدَهُ يَوْمًا» «ڕۆژوی عاشورا بگرن، وپێچەوانەی جولەكە بكەن؛ ڕۆژێك پێشی وڕۆژێك پاشی بگرن»(٢).

٤- **ڕۆژوی دو شەممە وپێنج شەممە لە هەمو هەفتەیەكدا:** لەبەر فەرمودەكەی عائیشە ﵂: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَتَحَرَّى صَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسِ» «پەیامبەری خوا ﷺ بە دوای ڕۆژوی دو شەممە وپێنج شەممەدا دەگەڕا»(٣). هەروەها ئەفەرمویٚ ﷺ: «تُعْرَضُ الْأَعْمَالُ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسِ، فَأُحِبُّ أَنْ يُعْرَضَ عَمَلِي وَأَنَا صَائِمٌ» «كردەوەكان ڕۆژانی دو شەممە وپێنج شەممە دەخرێنە ڕو، جا پێم خۆشە كە كردەوەكەم خرا ڕو بە ڕۆژو بم»(٤).

---

(١) أخرجه مسلم (١١٣٣).

(٢) [ضعيف مرفوعًا]: أخرجه أحمد (١/٢٤١) [هذا لفظه!]، وابن خزيمة (٢٠٩٥) وفي سنده ضعف، لكنه صح عن ابن عباس بنحوه موقوفًا من قوله.

(٣) أخرجه أحمد (٥/٢٠١)، والترمذي (٧٤٥) [واللفظ له]، وقال الترمذي: «حسن صحيح»، وصححه الألباني «التعليق على ابن خزيمة» (٢١١٦).

(٤) أخرجه الترمذي (٧٥١)، والنسائي (١/٣٢٢)، وأبو داود (٢٤٣٦) وحسنه الترمذي، وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٥٩٦).

٥- ڕۆژوی سێ ڕۆژ له هەمو مانگێکدا: لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ بۆ عەبدوڵای کوڕی عەمر: «وَصُمْ مِنَ الشَّهْرِ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، فَإِنَّ الْحَسَنَةَ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، وَذَلِكَ مِثْلُ صِيَامِ الدَّهْرِ» «وله هەر مانگێکدا سێ ڕۆژ ڕۆژو بگرە، چونکه چاکه بە دە قاتە، کەواتە وەك گرتنی ساڵەکە وایە»(١). وله ئەبو هورەیرەوە رضي الله عنه ئەڵێ: «أَوْصَانِي خَلِيلِي ﷺ بِثَلَاثٍ: صِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ ، وَرَكْعَتَيِ الضُّحَى، وَأَنْ أُوتِرَ قَبْلَ أَنْ أَنَامَ»(٢) «خۆشەویستەکەم ئامۆژگاری کردم بەسێ شت: سێ ڕۆژ ڕۆژوگرتن له هەمو مانگێکدا، ودو ڕکاتی چێشتەنگا، وتر بکەم پێش خەوتن». هەروەها سوننەتە له ڕۆژە سپیەکاندا بێت که بریتیە له سیانزە وچواردە وپانزەی مانگ [ی ئیسلامی]، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو زەر رضي الله عنه، که پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «مَنْ كَانَ مِنْكُمْ صَائِمًا مِنَ الشَّهْرِ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، فَلْيَصُمِ الثَّلَاثَ الْبِيضَ» «کێ له ئێوە سێ ڕۆژ ڕۆژوی له مانگێکدا گرت با سێ ڕۆژە سپیەکە بیگرێت»(٣).

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٧٦).

(٢) أخرجه البخاري (١٩٨١).

(٣) أخرجه أحمد (١٥٢/٥)، والنسائي (٢٢٢/٤)، واللفظ لأحمد. وحسنه الألباني «صحيح سنن النسائي» (٢٢٧٧-٢٢٨١).

٦- **ڕۆژوی ڕۆژ نەڕۆژ:** لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «أَفْضَلُ الصِّيَامِ صِيَامُ دَاوُدَ عليه السلام؛ كَانَ يَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمًا» «باشترین ڕۆژو ڕۆژوی داوده، ڕۆژ نه ڕۆژ به ڕۆژو دەبو»[١]. ئەمەش لە باشترین جۆرەکانی سوننەتە.

٧- **ڕۆژوی مانگی موحەڕەم:** لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە، پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ اللهِ الْمُحَرَّمُ، وَأَفْضَلُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الْفَرِيضَةِ صَلَاةُ اللَّيْلِ» «باشترین ڕۆژو دوای ڕەمەزان ڕوژوی مانگی موحەڕەمە، وباشترین نوێژ دوای فەرزەکان شەو نوێژە»[٢].

٨- **ڕۆژوی نۆمینەی حاجیان:** ولە یەکەم ڕۆژی مانگی حاجیانەوە دەست پێدەکات ولە نۆیەم ڕۆژ کۆتایی پێ دێت، کە بریتیە لە ڕۆژی عەرەفە، ئەمەش لەبەر گشتێتی ئەو فەرمودانەی لە بارەی فەزڵی کردەوە کردن تێیدا هاتون، پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ: «مَا مِنْ أَيَّامٍ الْعَمَلُ الصَّالِحُ فِيهِنَّ أَحَبُّ إِلَى اللهِ مِنْ هَذِهِ الْأَيَّامِ الْعَشْرِ» «هیچ ڕۆژێك نیە کردەوەی چاك تێیدا خۆشەویستر بێت لە لای خوا بە ئەندازەی ئەم دە ڕۆژە»[٣]. ڕۆژوگرتنیش لە کردەوە چاکەکانە.

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٧٦).
(٢) أخرجه مسلم (١١٦٣).
(٣) أخرجه البخاري (٩٦٩) [واللفظ للترمذي (٧٥٧)، أما لفظ البخاري: «مَا الْعَمَلُ فِي أَيَّامِ الْعَشْرِ أَفْضَلَ مِنَ الْعَمَلِ فِي هَذِهِ»].

پرسی سێیەم: ئەو ڕۆژوەی کەڕاهەتی هەیە وئەوەشی کە حەرامە:

١- **کەڕاهەتی هەیە مانگی ڕەجەب بە تەنها بگیرێت**، چونکە ئەمە دروشمی نەفامی بوە، ئەو مانگەیان لا گەورە بوە، ئەگەر ڕۆژی تری لەگەڵدا بخات کەڕاهەتی تێدا نیە، چونکە ئەو کاتە تایبەت نەکراوە بە ڕۆژوەوە، ئەحمەدی کوڕی خەڕەشەی کوڕی حوڕ ئەگێڕێتەوە ئەڵێ: عومەری خەتابم بینی ئەیدا بە سەر دەستی ئەوانەی لە ڕەجەبدا بە ڕۆژو بون تا دەستیان دەخستە نێو خواردن، وئەیوت: «كُلُوا، فَإِنَّمَا هُوَ شَهْرٌ كَانَ يُعَظِّمُهُ أَهْلُ الْجَاهِلِيَّةِ» «بخۆن، ئەمە مانگێکە خەڵکانی سەردەمی نەفامی بە گەورەیان ڕادەگرت»[(١)].

٢- **کەڕاهەتی هەیە ڕۆژی هەینی بە تەنها بگیرێت**، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا يَصُمْ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، إِلَّا أَنْ يَصُومَ قَبْلَهُ، أَوْ يَصُومَ بَعْدَهُ» «کەستان با ڕۆژی هەینی ڕۆژو نەگرێت، مەگەر ڕۆژێک پێشتر یا ڕۆژێک پاشتر بگرێت»[(٢)]. جا ئەگەر لەگەڵ ڕۆژی تردا بو هیچی تێدا نیە لەبەر فەرمودەی پێشو.

(١) أخرجه ابن أبي شيبة (١٠٢/٣)، والطبراني في «الأوسط» (٣٢٧/٧) (٧٦٣٦)، وقال: «صحيح». «الإرواء» (١١٣/٤).
(٢) أخرجه البخاري (١٩٨٥)، ومسلم (١١٤٤) [هذا لفظه].

٣- **کەڕاهەتی هەیە ڕۆژی شەممە بە تەنها بگیرێت**، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا تَصُومُوا يَوْمَ السَّبْتِ إِلَّا فِيمَا افْتُرِضَ عَلَيْكُمْ» «ڕۆژی شەممە ڕۆژو مەگرن مەگەر ڕۆژویەك فەرز کرا بێت لە سەرتان»(١). مەبەستیش: نەهیکردنە لە تەنهاکردنەوەی وتایبەتکردنی، بەڵام ڕۆژی تری لەگەڵدا بێت هیچی تێدا نیە، چونکە پەیامبەر ﷺ کە لە ڕۆژی هەینیدا سەردانی دایکی ئیمانداران جوەیریەی کرد وبە ڕۆژو بو، فەرموی: «دوێنێ بە ڕۆژو بویت؟ وتی: نەخێر، فەرموی: ئەتەوێ سبەی بە ڕۆژو بیت؟ وتی: نەخێر، فەرموی: کەواتە ڕۆژوەکەت بکشێنە»(٢). جا کە فەرموی: «ئەتەوێ سبەی بە ڕۆژو بیت؟» بەڵگەیە لە سەر دروستێتی گرتنی ڕۆژوی شەممە لەگەڵ ڕۆژی تردا. پێشەوا تورمزی دوای گێڕانەوەی ئەم فەرمودەیە ئەڵێ: «وبونی کەڕاهەت لەمەدا: ئەوەیە کابرا ڕۆژی بە تەنها بگرێت، چونکە جولەکە شەممە بە گەورە ڕادەگرن».

٤- **گرتنی ڕۆژی جێی گومان** «يوم الشك» **حەرامە**، کە بریتیە لە سی شەعبان، ئەگەر ڕێگر هەبو لە بینینی مانگ، کە ئاسمانیش ساماڵ بێت گومان

---

(١) أخرجه أبو داود (٢٤٢١)، والترمذي (٧٤٤)، وابن ماجه (١٧٢٦)، والحاكم (٤٣٥/١). وحسنه الترمذي، وصححه الحاكم على شرط البخاري، وافقه الذهبي. وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٥٩٤).

(٢) أخرجه البخاري (١٩٨٦).

نامێنێت، بەڵگەی حەرامێتیەکەی فەرمودەکەی عـەمماره ﵁ ئـەڵێ: «مَنْ صَامَ الْيَوْمَ الَّذِي يُشَكُّ فِيهِ فَقَدْ عَصَى أَبَا الْقَاسِمِ ﷺ» «کێ ئەو ڕۆژە بگرێت کە جێی گومانه ئەو سەرپێچی فەرمانی باوکی قـاسمی کـردوە»[(١)]. ولەبـەر فەرمودەکـەی پەیامبەری خوا ﷺ: «لَا يَتَقَدَّمَنَّ أَحَدُكُمْ رَمَضَانَ بِصَوْمِ يَوْمٍ أَوْ يَوْمَيْنِ، إِلَّا أَنْ يَكُونَ رَجُلٌ كَانَ يَصُومُ صَوْمَهُ، فَلْيَصُمْ ذَلِكَ الْيَوْمَ» «با کەس پێش ڕەمەزان بـە ڕۆژێك یا دو ڕۆژ بە ڕۆژ نەبێت، مەگـەر کەسـێك ڕۆژوی خـۆی هەیـە وئـەیگرێت ئەوا قەیدی نیە، با لەو ڕۆژەدا بیگرێت»[(٢)]. یانی: با کەس ڕۆژێك پـێش ڕەمـەزان ڕۆژو نەگرێت بە مەبەستی ئیحتیاتکردن، چونکە ڕۆژوگرتنی ڕەمـەزان پەیوەسـتە بە بینینی مانگەوە، جا پێویست بە زۆر لـە خـۆ کـردن ناکـات، بـەڵام کەسـێك ڕۆژویەکی سوننەتی هەبێت وبەردەوام بیگرێت ئەوا هیـچی لـە سـەر نیـە لەبـەر ئەوەی پێشوازی کردن نیە لە ڕەمەزان، هەروەها قەزاکردنـەوە ونـەزریش هـەڵاوێر دەکرێن چونکە واجبن.

---

(١) علَّقه البخاري في صحيحه بصيغة جزم [قبل رقم (١٩٠٦)] «الفتح» (١٤٣/٤)... ووصله الترمذي (٦٨٩) وغيره، وقال: «حديث حسن صحيح». وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٥٥٣).

(٢) أخرجه البخاري (١٩١٤).

٥- **حەرامە گرتنی ڕۆژی هەر دو جەژنەکە**، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو سەعیدی خودری رضي الله عنه: «پەیامبەر ﷺ نەهی کرد لە گرتنی ڕۆژی جەژنی قوربان وڕەمەزان»[١]. ولەبەر فەرمودەکەی عومەری کوڕی خەتتاب رضي الله عنه: «هَذَانِ يَوْمَانِ نَهَى رَسُولُ اللهِ ﷺ عَنْ صِيَامِهِمَا: يَوْمُ فِطْرِكُمْ مِنْ صِيَامِكُمْ، وَالْيَوْمُ الْآخَرُ تَأْكُلُونَ فِيهِ مِنْ نُسُكِكُمْ» «ئەم دو ڕۆژە پەیامبەری خوا ﷺ ڕێگری کردوە ڕۆژوی تێدا بگیرێت: ڕۆژی کۆتاییهاتن ودەمکردنەوەتان لە ڕۆژوگرتن، وڕۆژەکەی تر کە لە قوربانیەکەتان دەخۆن»[٢].

٦- **کەڕاهەتی هەیە ڕۆژانی دانەبەرخۆر «التشريق» ڕۆژو بگیرێت**، کە بریتیە لە سێ ڕۆژی دوای جەژنی قوربان: یانزە ودوانزە وسیانزە، لەبەر فەرمودەکەی ﷺ: «أيامَ التشريقِ أيامُ أكلٍ وشُربٍ [وذكرٍ لله]» «ڕۆژانی تەشریق، ڕۆژانی خواردن وخواردنەوە ویادکردنی خوان»[٣]. ولەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «يَوْمُ عَرَفَةَ، وَيَوْمُ النَّحْرِ، وَأَيَّامُ التَّشْرِيقِ، عِيدُنَا أَهْلَ الْإِسْلَامِ، وهي أيامُ أكلٍ وشُربٍ» «ڕۆژی عەرەفە وڕۆژی جەژنی قوربان وڕۆژانی تەشریق

(١) أخرجه البخاري (١٩٩١).
(٢) أخرجه البخاري (١٩٩٠).
(٣) أخرجه مسلم (١١٤١) [والزيادة له أيضًا في رواية بعده].

جەژنی ئێمەی ئەهلی ئیسلامە، کـە ڕۆژانـی خـواردن وخواردنەوەیـە»[1]. وڕێگـە دراوە بە حاجی «متمتع» و«قارن» [کە دواتر لە بەشی حەجدا واتاکانیان دێت] بـە ڕۆژو بن تێیدا ئەگەر پارەی قوربانی «الْهَدْي»ان نـەبو، لەبـەر وتەکـەی عائیـشە وئیبن عومەر ﵄: «لَمْ يُرَخَّصْ فِي أَيَّامِ التَّشْرِيقِ أَنْ يُصَمْنَ، إِلَّا لِمَنْ لَمْ يَجِدِ الْهَدْيَ» «ڕێگە نەدراوە لە ڕۆژانی تەشریقدا ڕۆژو بگرن مەگەر بۆ یەکێك قوربـانی پێ نەکرێ»[2].

(١) أخرجه الترمذي (٧٧٧)، وقال: حسن صحيح. وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٦٢٠).
(٢) أخرجه البخاري (١٩٩٧، ١٩٩٨).

دەروازەی پێنجەم

لە بارەی: مانەوە لە مزگەوت «الإِعْتِكَاف»

چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

مەسەلەی یەکەم: پێناسەی ئیعتیکاف وحوکمەکەی:

١- پێناسەکەی:

ئیعتیکاف لە زماندا بریتیە لە: پابەندبون بە شتێکەوە ومانەوە لە لای. لە شەرعیشدا: پابەندبونی موسڵمانێکی جیاکارە بە مزگەوتەوە بۆ پەرستنی خوا ﷻ.

٢- حوکمەکەی:

سوننەتە ونزیکبونەوەیە لە خوا ﷻ، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿أَنْ طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ﴾ [البقرة:١٢٥]. «وەحیمان نارد بۆ ئیبراهیم وئیسماعیلی کوڕی: کە ماڵەکەم پاك بکەنەوە لە هەمو پیسیەك بۆ ئەوانەی خوا پەرستی تێدا دەکەن بە تەواف کردن وئیعتیکاف کردن ونوێژ کردن تێیدا». ئەم ئایەتەش بەڵگەیە کە لە گەلانی پێشتریشدا شەرعی بوە. هەروەها خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ [البقرة: ١٨٧] «وجوت مەبن لەگەڵ هاوسەرەکانتاندا یا شتانێك مەکەن سەردەکێشێت بۆ

جوتبون ئەگەر لە مزگەوتدا ئیعیکافتان کردبـو)). لـە عائیـشەوە رضي الله عنها: ((أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَعْتَكِفُ الْعَشْرَ الْأَوَاخِرَ مِنْ رَمَضَانَ حَتَّى تَوَفَّاهُ اللهُ)). ((پەیامبـەر ﷺ دە شەوی کۆتایی ڕەمـەزان ئیعتیکـافی دەکـرد تـا خـوا بردیـەوە لای خـۆی))[1].

موسڵمانانیش کۆکن لە سەر شەرعی بونی، کە سوننەتە، واجب نیە مەگەر مـرۆڤ خۆی لە سەر خۆی واجبی بکات وەك ئەوەی نەزر بکات.

بەمەش سوننەت بونی ئیعتیکاف سەلما بە قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگی.

پرسی دوەم: مەرجەکانی ئیعتیکاف کردن:

ئیعتیکاف پەرستنێکە چەند مەرجێکی هەیە بەبێ ئەوە دروسـت نابێـت، کـە بریتیە لە:

١- **ئەبێت ئیعتیکاف کەر موسڵمانێکی جیاکاری ژیـر بێـت:** جـا هـی بـێ باوەڕ وشێت ومنداڵی ناجیاکار دروست نابێت، پێگەیشتن ونێرینەییش مەرج نیـە، بۆیە پێنەگەیشتویەکی جیاکار بیکات دروست دەبێت، مێینەش بە هەمان شێوە.

٢- **نیەت هێنان:** لەبەر فەرمودەی [پێشوتر]: ((کردەوەکـان بـە نیەتـە))، جـا کەسەکە دەبێت نیەتی مانەوەی هەبێت لە شوێنی ئیعتیکافەکەی، وەکـو پەرسـتن ونزیك بونەوەیەك لە خوا.

(١) أخرجه البخاري (٢٠٢٠)، ومسلم (١١٧٢).

٣- **ئەبێت ئیعتیکافەکە لە مزگەوتدا بێت:** لەبەر فەرمایشتەکەی خـوا ﷻ: ﴿وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ [البقرة:١٨٧] ولەبەر کـردەوەی پەیامبــەر ﷺ خۆی کە لە مزگەوتدا ئیعتیکافی دەکرد، ولێوەی نەهاتوە ئیعتیکافی کردبێـت لـە جگە لەوە.

٤- **ئەبێت مزگەوتەکە نوێژی کۆمەڵی تێدا بکرێت:** ئەمەش ئەگـەر مـاوەی ئیعتیکافەکە نوێژی فەرزی تێدەکەوت، وکەسەکەش لەوانە بو کە نوێژی کۆمــەڵی لە سەر واجبە، چونکە ئیعتیکاف کردن لــە مزگەوتێکـدا نوێـژی کۆمــەڵی تێـدا نەکرێت ئەبێتە مایەی نەکردنی نوێژی کۆمەڵ کە واجبە لە سـەری، یـا دەرچـونی کەسەکە لە هەمو کاتێکدا، ئەمەش دژی مەبەسـتی ئیعتیکافـە. بـەڵام ئـافرەت دروستە ئیعتیکاف بکات لە هەمو مزگەوتێك ئیتر جەماعەتی تێدا بکرێـت یـان نا. ئەمە ئەگەر لە ئیعتیکافکردنی ئافرەتەکە فیتنەیـەك نەدەکەوتـەوە، ئەگـەرنا ڕێگری لێ دەکرێت. باشتریشە ئەو مزگەوتـەی ئیعتیکـافی تێـدا دەکرێـت نوێـژی هەینی تێدا بکرێت، بەڵام مەرج نیە بۆ ئیعتیکاف.

٥- **پاکبون لە حەدەسی گەورە:** جا دروست نیە لەشگران وئافرەتی لـە عـادە وزەیستانی بو ئیعتیکـاف بکـات، چـونکە ئەمانـە دروسـت نیـە لـە مزگـەوت بمێننەوە.

بەڵام ڕۆژو گرتن مەرج نیە بۆ ئیعتیکاف کردن، لەبەر ڕیوایەتەکەی ئیبن عومەر که عومەر ﵄ وتی: ئەی پەیامبەر ﷺ! من له سەردەمی نەفامیدا نەزرم کردوه که شەوێك له مزگەوتی حەرامدا ئیعتیکاف بکەم، فەرموی: «أَوْفِ بِنَذْرِكَ» «نەزرەکەت بە جێ بهێنە»[1]. جا ئەگەر ڕۆژوگرتن مەرج بوایە ئەوا ئیعتیکافەکەی بە شەو دروست نەدەبو، چونکە ڕۆژو بە شەو ناگیرێت. هەروەها دو پەرستنی لێك جودان، بۆ ئەمەکەیان بونی ئەوەکەیان ناکرێتە مەرج.

پرسی سێیەم: کاتی ئیعتیکاف وسوننەتەکانی وئەوەی حەڵاڵە بۆ کەسەکە:

١- **ماوەی ئیعتیکاف وکاتەکەی:** مانەوە له مزگەوت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پایەیەکە له ئیعتیکاف، جا ئەگەر مانەوە له مزگەوت ڕو نەدات ئیعتیکاف دانەمەزراوە، سەبارەت بە کەمترین ماوەی ئیعتیکافکردنیش جیاوازی هەیە له نێوان زانایان. ئەوەشی ڕاستە -إن شاء الله- لای کەمی کاتی ئیعتیکافکردن دیاری کراو نیە، بۆیە دروست ئەبێت بە بەشێکی کات با کەمیش بێت، بەڵام ئەوەندە هەیە باشتر وایە ئیعتیکافکردنەکە له ڕۆژێك یا شەوێك

(١) أخرجه البخاري (٢٠٣٢)، ومسلم (١٦٥٦).

کەمتر نەبێت، چونکە لە پەیامبەر ﷺ وهیچ کام لە هاوەڵانی نەهاتوە لەوە کەمتر ئیعتیکافی کردبێت.

باشترین کاتەکانی ئیعتیکافکردنیش دە شەوی کۆتایی ڕەمەزانە، لەبەر فەرمودەکەی عائیشەی پێشو: «پەیامبەر ﷺ دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان ئیعتیکافی دەکرد تا وەفاتی کرد»، ئەگەر لە جگە لەم کاتەش ئیعتیکافی کرد دروستە بۆی، بەڵام پێچەوانەی باشترین وچاکترینە.

هەرکەسیش نیەتی ئیعتیکافی دە شەوی کۆتایی ڕەمەزانی هەبو، ئەوا نوێژی بەیانی بیست ویەکی ڕەمەزان لەو مزگەوتە دەکات کە ئیعتیکافی تێدا دەکات، پاشان دەڕواتە شوێنی ئیعتیکافەکەیەوە وبە ئاوابونی خۆری کۆتا ڕۆژی ڕەمەزان کۆتایی دێت.

٢- **سوننەتەکانی:** ئیعتیکاف پەرستنێکە بەندە تێیدا لەگەڵ خوادا تەنها دەکەوێت، وپەیوەندیەکانی جگە لەوەی خوا هەموی دەپچڕێنێت، جا سوننەتە کەسەکە لێ ببڕێت بۆ پەرستن، جا زۆر ئەمانە دەکات: نوێژ وزیکر ودوعا وقورئان خوێندن وتەوبە وداوای لێخۆشبون هاوشێوەکانی تری پەرستنەکان کە لە خوای نزیك دەکەنەوە.

٣- **ئەوەی حەڵاڵە بۆ ئیعتیکافکەر:** حەڵاڵیشە بۆی لە مزگەوت بڕواتە دەرەوە بۆ شتێك کە ناکرێت نەڕوا، وەك دەرچون بۆ خواردن وخواردنەوە، ئەگەر کەس

نەبو بۆی بهێنێت، ودەرچون بۆ ئاو دەست، ودەست نوێژ گـرتن بـە هـۆی دەسـت نوێژ شکاندنەوە، وخۆ شۆردن بە هۆی لەش گرانیەوە.

بۆشی حەڵاڵە بۆ شتی بە سود قسە بکات لەگەڵ خەڵکدا، وهەواڵیان بپرسـێت، بەڵام بۆ شتی بێ سود ونا زەرور [وبێ پێویست]، ئەوە دژی مەبەستی ئیعتیکـاف وئەو ئامانجەیـە کـە لـە پێناویـدا شـەرع کـراوە. هـەروەها بـۆی حەڵاڵـە کـەس ونزیکـەکانی سـەردانی بکـەن وماوەیـەك قـسەی لەگەڵـدا بکـات ولـە شـوێنی ئیعتیکافەکـەی بێتــە دەرەوە بــۆ بــە ڕێ کـردن ومــاڵ ئــاوایی کردنیــان، لەبــەر فەرمودەکەی صەفیە ﵂ ئەڵێ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مُعْتَكِفًا فَأَتَيْتُهُ أَزُورُهُ لَيْلًا فَحَدَّثْتُهُ ثُمَّ قُمْتُ فَانْقَلَبْتُ فَقَامَ مَعِي لِيَقْلِبَنِي» «پەیامبەر ﷺ لە ئعتیکافـدا بـو منیش چوم بۆ سەردانکردنی، قـسەم لەگـەڵ کـرد، پاشـان هەسـتام بگەڕێمـەوە، ئەویش لەگەڵمدا هەستا بۆ ڕەدکردنەوەم بۆ ماڵ»[١].

هەروەها کەسەکە دەتوانێت بخوات وبخواتـەوە وبخـەوێت لـە مزگەوتـدا، لەگـەڵ پارێزگاری کردن لە پاك وخوێنی مزگەوت.

پرسی چوارەم: پوچەڵکەرەوەکانی ئیعتیکاف:

ئیعتیکاف بەمانەی خوارەوە پوچەڵ دەبێتەوە:

(١) أخرجه البخاري (٢٠٣٥) [ولفظهم أشبه بـ(٢١٧٥)]، ومسلم (٢١٧٥).

١- **دەرچونی به ئەنقەست له مزگەوت بێ هیچ پێویستیەك**، با كاتی دەرچونەكەشی كەم بێت: لەبەر فەرمودەكەی عائیشه رضي الله عنها: «وَكَانَ لَا يَدْخُلُ الْبَيْتَ إِلَّا لِحَاجَةٍ إِذَا كَانَ مُعْتَكِفًا» «وپەیامبەر ﷺ ئەگەر له ئیعتیكاف بوایه نەدەهاتەوە ماڵ مەگەر بۆ پێویستی -میز وپیسی وەك زوهری ڕاویەكە وا لێكی دەداتەوە-»[١]، چونكه دەرچون دژی مانەوەیه كه پایەی ئیعتیكافه.

٢- **جوت بون**، با به شەو یا له دەرەوەی مزگەوتیش بێت: لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ [البقرة: ١٨٧].

هەروەها لەو شتانەی حوكمی ئەمەی هەیه: ئاو هاتنەوە به شەهوەتەوە به بێ جوتبون وەك ئاو خۆ هێنانەوە، وچونه لای هاوژین با له دەرەوەی دامێنیش بێت.

٣- **نەمانی عەقڵ**: جا ئیعتیكاف بەتاڵ دەبێتەوە به شێتی وسەر خۆشی؛ چونكه شێت وسەر خۆش له ئەهلی پەرستن نین.

٤- **سوڕی مانگانه وزەیستانی**: لەبەر ئەوەی دروست نیه ئافرەت له عادە وزەیستانی له مزگەوتدا بمێنێتەوە.

(١) أخرجه البخاري (٢٠٢٩).

٥- **هەڵگەڕانەوە**: چونکە دژی پەرستنە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾ [الزمر: ٦٥].

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات